پیاو نابێت سەیری شەرمگەی (عەورەتی) پیاوێکی تر بکات، وئافرەت نابێت سەیری شەرمگەی ئافرەتێکی تر بکات

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پیاو نابێت سەیری شەرمگەی (عەورەتی) پیاوێکی تر بکات، وئافرەت نابێت سەیری شەرمگەی ئافرەتێکی تر بکات، ونابێت دوو پیاو لاشەیان بەریەک بکەوێت لە ژێر یەک پۆشاکدا، ونابێت دوو ئافرەت لاشەیان بەریەک بکەوێت لە ژێر یەک پۆشاکدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی پیاو سەیری شەرمگەی (عەورەتی) پیاوێکی تر بکات، ونەهی کردووە ئافرەت سەیری شەرمگەی ئافرەتێکی تر بکات. شەرمگە (عەورەت): هەموو شتێکە کە شەرم دەکرێت لە دەرکەوتنی، وشەرمگەی پیاو لەنێوان ناوك بۆ ئەژنۆکانیەتی، وئافرەت هەموو لاشەی شەرمگەیە بەنیسبەت پیاوی نامەحرەم -بیانی-، و بەلای ئافرەتان ومەحرەمەکانی هەتا دەرخستنی ئەو شوێنانە ڕێگەپێدراوە ؛ کە لە حاڵەتی ئاسایی دەردەکەوێت لەکاتی ئیشکردنی لە ماڵدا. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی دوو پیاو بەڕووتی لاشەیان بەریەک بکەوێت لە ژێر یەک پۆشاک یان یەك بەتانی، ونەهی کردووە لەوەی دوو ئافرەت بەڕووتی لاشەیان بەریەک بکەوێت لە ژێر یەک پۆشاک یان یەك بەتانی ؛ چونکە ئەمە هۆکارە بۆئەوەی یەکێکیان لاشەی بەر شەرمگەی ئەوی تر بکەوێت، وبەرکەوتن وەکو سەیرکردن نەهی لێکراوە، بەڵکو توندتر نەهی لێدەکرێت؛ بەهۆی ئەوەی خراپەکەی گەورەترە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8904